# هاوپەیمانی کوردستان لە گرنگی کشانەوەی بەرەی تەوافق کەم دەکاتەوە

ئاکۆ مەجید



کشانەوەی لیستی تەوافق لە کابینەکەی نوری مالکی دا لەلایەن زۆرێک لە چاودێرانەوە پێشبینی کراو بوو، بەڵام حکومەتی بەغداد پشتی بە بەڵێنەکانی ئەمریکا بەستبوو، پێیوابوو ئەمریکا دەتوانێ گوشار لە لیستی تەوافوق و هێزە سوننیەکان بکات و ناچاریان بکات لە چوارچێوەی حکومەتی نوری مالکی دا بمێننەوە! تەنانەت کوردیش کە بۆخۆی راسپاردەکانی ئەمریکا بە گرینگ وەردەگرێ و لەژێر رۆشنایی بەرنامەکانی ئەودا هەنگاو هەڵدەگرێتەوە لەو باوەڕەدابوو کە سوننەکان لە حکومەت دەمێننەوەو پشتیوانی لە کابینەی نوری مالکی دا دەکەن، بەڵام کشانەوەی لیستی تەوافق هەمووانی غافڵگیر کرد و تەواوی خەون و خەیاڵەکانی پوچەڵ کردنەوە.

لیستی تەوافوق کە خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندی عەرەبی سوننە دەزانێ و پێوەندیەکی پتەوی بە حزبی بەعسەوە هەیە، لەژێر ڕێنوێنێ وڵاتانی ناوچەکەدا بە تایبەتیش بەفەرمانی سەرانی سعودیە وسوریە و ئوردەن هەنگاو هەڵدەگرێتەوە هێزێکی ئەوەندە بچووک نیە کە هیچ پێوانەی بۆ نەکرێ، هێزێکی ئەوەندە بەتواناو کاریگەریش نیە کە بکارێ بە تەنیا جڵەوی دەستەڵاتی بەغداد بگرێتە دەست، بۆیە باشترین شێواز ڕێککەوتن و رازیکردنی دڵی ئەوان بوو، کەچی هێزە سوننەکان، لەسەروشیانەوە بەرەی تەوافوق بە سەرۆکایەتی عەدنان دلێمی هێزەکانی شیعەی بە سەرچاوەی کوشتن و تۆقاندنی سوننەکان دادەنا، داوای دەکرد لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و تاوانباران سزا بدرێن، سەرەنجام قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی ناوخۆی عێراق و ئاڵۆزبوونی رەوشی ئاسایش و بەردەوامبوونی توندوتیژیەکان ئەوانی لەبەردەم دووڕیانێک دا راگرتبوو، یان دەبوایە لە حکومەت دا بمێننەوە، حکومەتیش بتوانێ ڕێگری لەو توندوتیژیەکان بکات کە دەرهەق بە عێراقیەکان ئەنجام دەدرێ، یان دەبوایە لە حکومەت بکشێتەوەو تەواوی بەرپرسیاریەتیەکان دەئەستۆی شیعەکان بهاوێژێ.

بەرەی تەوافوق رووکەشانە هەوڵی دەدا دەستەڵاتی یاسایی حکومەت بۆ سەر شارەکان بگێڕێتەوە، رەوشی ئاسایش هێوربکاتەوە، میلیشیاکان هەڵبوەشێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زۆرجاران هەڕەشەی کردو ئاماژەی کشانەوەی بە گوێچکەکان گەیاند، ئەوکارە لە توانای ئەوان بەدەر بوو، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی عێراق وەکو پێویست گوێی بە پێشنیارو داخوازیەکانی ئەوان نەدەدا، لەوانەیە ئەگەر گرنگیشی پێدابن، نەیتوانیووە ئەنجامیان بدات، ئاکام بەرەی تەوافق ڕێگەی دووەمیان هەڵبژاردو لە حکومەت کشانەوە، بە کشانەوەی ئەوان کێشەو گرفت و قەیرانەکانی کابینەکەی نوری مالکی گەورەتر بوونەتەوە، ئیتر لە توانای دا نابێ کە پرۆسەی ئاشتەوایی بە ئاکام بگەیەنێ، ناتوانێ ئاسایش و ئارامی بۆ شارەکان بگێڕێتەوە، ناتوانی دەستەڵاتی سەرانی هێزە سیاسیەکان لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە.

بەکشانەوەی بەرەی تەوافق گوشاری حکومەت بەرز بۆتەوەو رەوانەی نەخۆشخانەی کراوە، ئێستا لە بەشی بوژانەوەی دڵ دا راگیراوە، بۆیە ڕێزدار سەرۆک تاڵەبانی بەمەبەستی گێڕانەوەی سوننەکانی خولێکی دیکەی دانوستاندنی دەست پێکردۆتەوە، داواش لە نوری مالکی و هێزە شیعەکان دەکات کە نەرمی بنوێنن و بەشێک لە داخوازی سوننەکان جێبەجێ بکەن، بەڵام ناکۆکی و ململانێ و کێبەرکێی نێوان هێزەکانی شیعە دەرفەتی ئەوەی بەرتەسک کردۆتەوە، باوەڕ ناکرێ شان نزمی بۆ سوننەکان بنوێنن، بەوهۆیەوە بەرەو مەرگ دەڕوات. بۆ مانەوەی کورسی دەستەڵات ئێستا هێزەکانی شیعە پەنا بۆ ڕێککەوتن و گۆڕانکاری رووکەشی دەبەن، لەوانەیە کەسێکی دیکە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران پێشنیار بکەن.

زۆربەی چاودیران پێیانوایە کە شیعەکان لە ئیبراهیم جەعفەریان باشتر نیە، لەوانەیە ئەو پێشنیار بکەنەوە، بەڵام پێشنیارکردنەوەی برایم جەعفەری ترسێکی گەورەی لەدڵی هەندێ هێزو لایەن زەق کردۆتەوە، چونکە جەعفەری لەماوەی یەک ساڵ دەستەڵاتی خۆی دا هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هەڵنەگرتەوە، هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان هەڵنەگرتەوە، هیچ کردەوەیەکی باشی بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارام کردنەوەی شارەکان لە دەست نەهات، بۆیە پێشنیارکردنەوەی جەعفەری لە ئەگەرێکی لاوازدا جێگە دەگرێ، ئەی باشە جێگرەوەی مالکی کێ دەبێ؟! کێ دەتوانێ حکومەتی رزگاری نیشتمانی پێکبهێنێ؟! چ زەمانەت و گەرەنتی بۆ داهاتوویەکی بێ توندوتیژی لە ئارادا هەیە؟!

عارف تەیفوور کە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان دا پۆستی جێگری پەرلەمانی عێراقی وەرگرتووە، رایگەیاندووە کە حکومەتی مالکی بە کشانەوەی بەرەی تەوافق هەرەس ناهێنێ! ئەو لێدوانەی تەیفوور کورتبینی دەگەیەنێ، خوێندنەوەی هاوکێشەکانیش ئاوەژوو دەکاتەوە!!

راستە حکومەتی ئەمریکا بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆی گوشارەکانی بۆسەر سوننەکان چڕتر دەکاتەوەو دەیەوێ بەشداری لە کابینەی نوری مالکی یان هەر شیعەیەکی دیکەدا بکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناچار دەبێ کە گوشار لە شیعەکان و سەرۆکوزیرانی عێراق بکات تا بەرژەوەندە تایبەتیەکانی سوننە لەبەرچاو بگرێ و دڵیان رابگرێ، ئەمە دیسانەوە کۆمەڵێک ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوەو لەسەر بەرژەوەندی پێکهاتەکانی دیکە تەواو دەبێ، بۆیە ئێستا قەیران و کێشەکانی حکومەتی عێراق ئاڵۆزتر بوونەتەوە، ئەو یەکێتیەی کە تیپی هەڵبژاردەی عێراق دروستی کردبوو،هەرەسی هێناوەتەوە، دەبێ چاوەڕوانی داهاتوو بین و بزانین چۆن یەکگرتووی عێراقیەکان دروست دەبێتەوە!! ئایا کشانەوەی تەوافق کار لە کابینەی مالکی ناکات؟! ئایا بەرژەوەندی پێکهاتەکان لە هەڵوەشانەوە یان یەکگرتوویی عێراق دا خۆی دەبینێتەوە؟!

# بەرەی تورکمانی دژایەتی هەڵوێستی بارزانی دەکات

رۆژی گەل

رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی ئەلحورەدا رایگەیاندبوو کاتێک شەڕی راستینی ئەهلی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوک دا هەڵدەگیرسێ کە ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێ، ئەمەش سەرانی بەرەی تورکمانی تووڕە کردووە، لەو پێوەندەدا بەرەی تورکمانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەو داوای لە حکومەتی عیراق کردووە کە هەڵویست لەهەمبەر لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێ! بەرەی تورکمانی ئەمەی بە لێدوانی "هەڕەشەئامێز بۆ سەر گشت پێکهاتە سیاسیەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێی عیراق وەسف کردووە، داواشی لە سەرجەم لایەنە عیراقیەکان کردووە کە هەڵوێستی خۆیان لەهەمبەر ئەو هەڕەشانە روون بکەنەوە!!

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو بەرەی تورکمانی بەیاننامەیەکی دوژمنکارانەی بڵاوکردۆتەوەو لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی بە گەیشتن بە "ئیفلاسی سیاسی" ناوبردوە. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا داوای لە حکومەتی عێراق کردووە کە لەچوارچێوەی یاسای نەهێشتنی تیرۆردا ڕێوشوێنی یاسایی پێویست دژ بە لێدوانەکانی بارزانی بگرێتەبەر. هەر لەم پێوەندەدا جەمال شان ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی بەرەی تورکمانی بۆ سایتی سبەی راگەیاندووە کە لێدوانەکانی بارزانی بە توند و مەترسیدار بۆ سەر عێراق و کەرکوک لێکداوەتەوە.

ئەگەر بە وردبینیەوە لێدوانەکانی سەرۆک بارزانی و بەیاننامەکەی بەرەی تورکمانی بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرۆکی راستینی کێشەی کەرکوکی خۆیا کردووە، بەڵام بەرەی تورکمانی قین لە دڵانە بەرانبەر بارزانی و گەلی کوردستان هەڵوێستی نواندووە، لەژێر رۆشنایی و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی میت و دەوڵەتی تورکیا دوژمنایەتی خۆی ئاشکرا کردووە .

ماوەیەکە دەوڵەتی تورکیا دەیانەوێ لە ڕێگەی دادگەی دەوڵەتی تورکەوە دۆزێکی یاسایی لە دژی بارزانی دا بکاتەوە، لە رۆژانی رابردوودا ئاشکرابوو کە تورکە رەگەزپەرستەکان لە دادگەی دیاربەکرد سکاڵایان لە دژ بارزانی تۆمارکردووەو دەیانەوێ بە پێی یاسای تورکیا دادگەیی بکەن! ئێستا بەرەی تورکمانیش دەیەوێ بە یاسای دژە تیرۆر مامەڵە لەگەڵ سەرۆک بارزانی دا بکرێ!

کوردستانی بوونی کەرکوک وەک رۆژی روناک دەدرەوشێتەوە، گلەیی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکرێ کە کاتی خۆی نەرمی نواندووەو ڕێگەی داوە بکرێتە ماددەی 140 و بۆ یەکلایی کردنەوەی راوێژی گشتی بەڕێوەبچێ، کەچی جەمال شان و بەرەی تورکمانی ئەو راستیانە ئاوەژوو دەکەنەوەو دەیانەوێ کێشەی پێکهاتەکانی کەرکوک گەورە بکەنەوەو بیتەقێننەوە.

بەرەی تورکمانی ئاگای لەوە هەیە کە ئیدی دەوڵەتی تورکیا لەژێر گوشاری ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپاوە ناچار بووە کە کێشەی کەرکوک وەک کێشەی ناوەخۆی عێراق پەسند بکات. دەوڵەتی تورکیا باش دەزانێ کە ئیتر بەبیانوی هەبوونی تورکمان لەکەرکوک دا ناتوانێ دەست لەکاروباری کەرکوک وەربدات بۆیە جەمال شان و بەرەی تورکمانی تێژکردۆتەوەو دەیەوێ سەرەتای ئەو پیلانە جێبەجێ بکات کە چەند ساڵێکە دایڕشتووەو دەیەوێ شەڕی پێکهاتەکانی کەرکوک هەڵبگیرسێنێ. جەمال شان و بەرەی تورکمانی خۆشیان دەزانن کە ئاسنی سارد دەکوتنەوەو بەمەرامی گڵاوی خۆیان ناگەن، هەربۆیە تەنیا قیژاندن و هاوارکردنیان بۆ ماوەتەوە.

سەرۆک بارزانی بەپێی بەرپرسیاریێتی خۆی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە ئەرکی خۆیەتی کە داکۆکی لە کوردستانبوونی کەرکوک بکات و هەوڵی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی کەرکوک بدات و بۆ سەر هەرێمی کوردستان بیگێڕێتەوە، بۆیە کاتێک لەبەرانبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی وەبەر شاڵای رەگەزپەرستان دەکەوێ، کوردستانیان ناچار دەبن داکۆکی لێبکەن و دژی ئەو لێداوان و هەڵوێستە رەگەزپەرستیانە بوەستنەوە کە دژ بە گەلی کوردستان بەڕێوەدەچن.

جەمال شان پێیوایە کە لێدوانەکەی بارزانی موجازەفەیەکی سیاسی بەرامبەر ئەو دەسکەوتە سیاسیانەی کوردەکان بووە، هەروەها جەمال شان کەرکوکی بە دارفۆڕ و کۆسۆڤۆ چواندووە، بەڵام شان و بەرەی تورکمانی دەبی ئەو راستیە بزانن کە هەرگیز کەرکوک بە دارفۆڕو کۆسۆڤۆ ناچێ، چونکە هەموو بەڵگە مێژووییەکان کوردستانبوونی کەرکوک دەسەلمێنن و دەیانەوێ بە زۆرەکی بە عەرەبی و تورکمانی بکەن. کەرکوک و دارفۆڕو کۆسۆڤۆ لە شێوازی داگیرکردن دا هاوشێوەن، دارفۆر لە لایەن سودان، کۆسۆڤۆ لەلایەن سربیا، کەرکوکیش لەلایەن عێراقەوە داگیر کراوە، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیە کە شان و بەرەی تورکمانی دەیکەن.

بەرەی تورکمانی بەو بەیاننامەیە دەیەوێ چاکەکانی بارزانی بداتەوەو دوژمنایەتی خۆشیان بۆ کورد دووپات بکەنەوە، بەڵام ناکام دەمێننەوەوناتوانن دۆستایەتی نێوان کوردو تورکمان ئاڵۆز بکەن.

# 2007 کۆتایی سەرەتای کێشەکان دەبێ

دلاوەر مستەفا

کوردستانیان پێداگری دەکەن کە دەبێ بەر لە کۆتایی 2007 ماددەی 140 جێبەجێ کرابێ و ریفراندۆمی کەرکوک ئەنجام بدرێ، ئەمە لەکاتێدایە کە هێشتا هیچ هەنگاوێکی ئاسایی کردنەوە دەستی پێنەکردووە. نوری مالکی دووپات دەکاتەوە کە دەبێ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، واتە بەر لە کۆتایی 2007 هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەبچێ، ئەمە لەکاتێدایە کە هێشتا سەرژمێری گشتی ئەنجام نەدراوەو هەزاران ساختەکاریش لە کۆپینی خۆراکدا ئاشکرابووە. دیموکراتخوازەکانی ئەمریکاش دەخوازن بەر لە کۆتایی 200ی وادەی کێشانەوەی سەربازەکانیان لە عێراق دیاری بکرێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە جۆرج بووش پێداگری لەسەر مانەوەو ناردنی هێزی زیاتر دەکاتەوە. گروپە توندڕۆکانی عێراقیش جەخت دەکەنەوە کە دەبێ بەر لە کۆتایی 2007 حکومەتی عێراق بڕوخێنن و حکومەتێکی سەربەخۆیان پێکبهێنن، ئەمە لەکاتێکدایە کە رۆژانە بەرەو پەرتەوازەیی دەڕۆن. جا ئەگەر ئەو هەموو کێشانە بەر لە کۆتایی 2007 ئەنجام بدرێن کە کەمتر لە چوار مانگ ماوە، گومانی تێدا نیە کە کێشەو ئاژاوەکانی ناوخۆی عێراق گەورەتر دەبنەوە، چونکە تورکمانەکان و عەرەبە دەمارگیرەکان و وڵاتانی دراوسێی عێراق نایانەوێ ریفراندۆم لە کەرکوک بەڕێوەبچێ، کوردستانیان و سوننەکانیش نایانەوێ پێش ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەبچێ، شیعەکانیش تێدەکۆشن تا بەر لە کۆتایی 200ی کابینەیەکی نوێ پێکبهێنن، پۆستی سەرکۆماری لەکورد بسێننەوەو سوننەکانیش پەراوێز بکەن، کەواتە کۆتایی 2007 نەک کۆتایی بە کێشەکان ناهێنێ، بەڵکو سەرەتای کێشە و ناکۆکی و گرفتەکان زەقتر دەکاتەوە.

بەوهۆیەوە نابێ دڵمان بە کۆتایی 2007 خۆش بکەین، چونکە لەوانەیە لە کۆتایی 2007دا گۆڕانکاری سەیر رووبدەن و لافاوی خوێنیش سەر بکات!